گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دوودەقی گۆران و قوبادی جەلیزادە لە تەونی بونیادگەریدا

**ڕەوەند حمەجزا قازی**

بەشی كوردی, كۆلێژی پەروەردەی شارەزوور,زانكۆی هەڵەبجە, هەڵەبجە,هەرێمی كوردستان، عێراق

Rawand.jaza@uoh.edu.iq

**دكتۆر هێمن كریم محمدصاڵح**

بەشی كارگێڕی كار، زانكۆی كۆمار بۆ زانست و تەكنەلۆجیا، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق

Hemn.karim@komar.edu.iq

بەشی كوردی, كۆلێژی پەروەردەی شارەزوور,زانكۆی هەڵەبجە, هەڵەبجە,هەرێمی كوردستان، عێراق

Hemn.kareem@uoh.edu.iq

**گزنگ حسن رسول**

بەشی پەیوەنییە گشتیەكان، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

Gzng.rasul@univsul.edu.iq

## زانیاریەكانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٤/٩/١٩

پەسەندكردن:٢٠٢٤/١٠/٢٧

بڵاوكردنەوە: زستان٢٠٢٥

**ووشە سەرەكییەكان**

*Genocide، Anfal، Bdinan، Genocide، Badinan poets، Muayad Tayip*

## پوختە

ڕێبازی بوونیاد گەری یەكێكە لە ڕێبازە گرنگەكانی تێگەشتن لە ناوەوەی دەقە شیعرییەكان، وەك ئاشكرایە لەگەڵ گەشەسەندنی بیری مرۆڤ دا، بواری ئەدەب و وێژەیش بەهاوشان و هاوتەریبی ژیانی مرۆڤ گەشەی كردووە، دواتر بۆ جیاكردنەوەی هەر قۆناغێك لەو قۆناغانە، لێكۆڵەرانی ئەدەب پێویستیان بە دانانی ناوێك بووە بۆ جیاكردنەوە یاخود سنوردانان لە نێوان دوو سەردەم و قۆناغی جیاوازدا، هەروەها تیشك خراوەتە سەر زاراوە و چەمكی (بونیادگەری)و هەوڵدراوە پرەنسیپەكانی ئەم چەمكە ڕوونبكرێتەوە و پاشان باس لە سەرەتاكانی سەرهەڵدانی ئەم چەمكە كراوە لە نێو ئەدەبی كوردیدا، هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Doi:
10.25212/lfu.qzj.10.4.12

توێژینەوەیە بەناونیشانی(ڕێبازی بونیادگەری و لێکدانەوەی دوو شیعری گۆران و قوبادی جەلیزادە) دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدانی زیاتر بە توانایی ئەم دوو شاعیرە، ڕۆچوون بە ناوهەڵبەستەکانیاندا و دەرخستنی بونیادی دەقەکانیان، توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پیکدێت، لەبەشی یەکەمدا ئاماژە بە لایەنی نەزەری بوونیادگەری کراوە و لە بەشی دووەمدا تیۆری بونیادگەری پراکتیزە کراوە لەم دوو دەقەی شاعیراندا پێکهێنەری بونیاد و بونیادی سەرکی دەقەکان خراونەتە ڕوو، گیرو گرفتی توێژینەوەکە کەمی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی یان ڕەخنەگرانی ئەدەب بەم میتۆدە، میتۆدی توێژینەوەکە بە ڕێبازی بونیادگەری ئەنجام دراوە و بە پێی پێویست سوود لە ڕێبازی شێوازگەریش وەرگیراوە.

## پێشەکی

ڕێبازی بونیادگەری یەکێکە لە ڕێبازە گرنگەکانی تێگەیشتن بۆ لێکۆڵینەوە و تیگەیشتنی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە و دەرکەوتنی ئەو ئەدەبە پێی دەوترێـت (کلاسیك) بەڵام هەر کلاسیکیش بۆخۆی دەکرێت بە چەند قۆناغێك بۆئەوەی باشتر لێی تێبگەین .پاشان لە دوای کلاسیك و لێکۆڵەرەوانی ئەدەب ،چەندین ناو ڕێبازی دیکەی توێژینەوەیان داهێنا بۆ لێکۆڵینەوە و تێڕامان لە بەرهەمە ئەدەبییەکان .وەك ( ڕێبازی ڕۆمانسیزم ،ڕیالیزم ، دادایزم ، سوریالیزم ، پەڕناسیزم ،بونیادگەری ... هتد ) کە هەریەکە لەوانە، تاڕادەیەك ئەوەی پێش خۆی پێ دروست نەبووە و بە وەڵامدەرەوەی سەردەم و کاتی خۆی زانییوە ، نەك سەردەمی نوێ،هەرچەندە زۆرجار دەگونجێت خاڵی هاوبەش لەنێوان دوو ڕیبازی جیاوازدا هەستپێبکرێت.

ئەوەی ئێمەلێرەدا مەبەستمانە ، باسکردنە لە (ڕێبازی بونیادگەری )، کە لە سەرەتادا پێویستە بزانین ،زاراوەی بونیادگەریی لە چییەوە هاتووە ؟ پاشان چۆن وەك دەستەواژەیەکی ئەدەبی بەکارهاتووە ؟

زاراوەی بونیادگەری(لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، جیاکردنەوەیەکی تەقلیدی لە نێوان (Structural) و زەخرەفیدا (Decorative) هەبووە.بە شێوەیەك واتای پێکهاتەی ناوەوەی پتەوکردووە.سەرەتا بونیاد وەك زاراوە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ،بە تایبەتی زمانەوانی و ئەنسرۆپۆلۆژیادا ، بەکارهاتووە. بەڵام دووای لە ڕوانگەی مێژوویەوە بەهۆی پەرەسەندنەوە نەدەتوانرا ، هەموو زمانەکان بەراورد بکرێن، جگە لەوەش زاروەی بوونیادگەری بۆ چەندین مەبەستی دیکە بەکارهاتووە چونکە بونیادگەری مەودایەکی فراوانی لەنێو زۆر بابەت و زانستی دیکەدا گرتووە جگە لە ئەدەب. (وشەی "بونیاد " زۆر واتای فراوانی هەیە، ڕەنگە هەموو ئەو شێوانەی ڕێکخستن بگرێتەوە ، کە دەتوانرێت بە هزر پەی پێببرێت ،بۆ نمونە لە بیرکاریدا چەمکی بونیاد بەستراوەتەوە بە فۆرمەوە ، ئەو فۆرمە گوزارشتە لە ڕێکخستنێکی لۆجیکی و لە ڕێگەی عەقڵ یاخود هزرەوە دەرکی پێدەکرێت)( قەتووس، ٢٠١١: ١٥٦). ئەم زاراوەیە لە نێو زمانی کوردیدا، لە دوو بەش پێکهاتووە ئەویش ( بوونیاد + گەری ) وەك ئاشکرایە کە پاشبەندی (گەری ) بۆ هەروشەیەك زیادبکرێـت واتای ناوەکە یاخود وشەکە دەگۆڕێت بۆ پیشە یان پرۆسە ،بۆنمونە (زێڕ ) دەکات (زێڕنگەری ،یان زێڕینگەری) واتای وشەکە دەگۆڕیت بۆ کەسێك کە کار لەسەر (زێڕەکە) دەکات. بەهەمان شێوەش وشەی (بونیادگەری) باس لە پرۆسەیەك یان کەسێك دەکات کەکار لەسەر بوونیادێك دەکات کەپێشتر بونیادنراوە. وەك هەر دەقێکی ئەدەبی کە بوونیادێکی سەربەخۆی هەیە، بەهەمان شێوەی بونیادی دەقە زانستی و لۆژیکی و فەلسەفییەکان((زاراوەی بوونیادگەری چەند بوارێك لە خۆ دەگرێت، لەوانە فەلسەفە، زانستی دەروونی، ئەنسرۆپۆلۆجیا، زمان و ڕەخنە، ڕاڤەی بوونیاد لەسەرئاستی ڕووداو دەکات ))( تایەر حسەین، ٢٠٠٨: ٣١). لە فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنەی کلیلدان دا - بەم شێوەیە باس زاراوەی بونیادگەری کراوە، کە بەواتای(( البنيوية- structuralism، بە مانا گشتییەکەی، بایەخ بە دیاردەی جیاو جیاواز دەدات، وەک کۆمەڵگەکان، عەقلە جۆراوجۆرەکان، زمانەکان، ئەدەبەکان، ئەفسانەکان. لە ڕووی زمانەوانی و ئەدەبییەوە، بونیادگەری میتۆدێکی ڕەخنەییە کە لە سەر بنەمایەکی زمانەوانی دروست دەبێت و زانستی مرۆڤایەتی پێ دەخوێندرێتەوە)).(تاهیربەرزنجی،٢٠٢٤،ل٧٨). لە نێو زۆربەی زمانە جیهانییەکاندا، وشەی بونیاد سەرەتا بۆ بواری خانووبەر یاخود بونیاتنانی بینا و خانوو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکارهاتووە، پاشان ئەم وشەیە بۆ مەبەستێکی تایبەت و بە واتایەکی دیکە چوتە نێو دنیای ئەدەبەوە. (وشەی بونیاد لە زمانە ئەورووپییەکاندا لە بنەڕەتە لاتینیەکەی (Struere) وەرگیراوە.کە بەمانای بینا دێت یان ئەوشێوازەیە کە بینایەکی لەسەری بنیاتدەنرێ، دواتر چەمکی وشەکە فراوان بووە و لە دیدی هونەری بیناسازیدا بەمانای ، دانانی بەشەکانی بینایەك دێت ، کە ئیستاتیکای شێوەکاری دەرخستووە، فەرهەنگە ئەورووپییەکانیش لەوە دواوون، کە هونەری بیناسازی تا ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەم ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، ئەم جۆرە وشە فەرەنسییەکە (Structure) یدەچێتە سەر وشە لاتینیەکەی (Struere)کە بە مانای بنیاتنانی بینایەك دێت))( حمە ئەمین محمد، ٢٠١٢: ١٨١-١٨٣). بەڵام هەندێك لە لێکۆڵەرەوانی ئەدەب پێیان وایە، کە بۆ یەکەم جار بونیادگەری وەك زاراوەیەك لە نێو دونیای زمانەوانیدا دەرکەوتووە ((میتۆدی بونیادگەری structuralism (البنیویە ، البنائیە ) بۆ یەکەمجار لەبواری زانستی زمانەوانیدا سەریهەڵداوە، دەتوانین مانای وشەی بونیاد یان بنیات و بونیادگەری یان بنەماخوازی لە یەکتر نزیك بکەینەوە، چونکە لە سەرەتادا ئەم وشە تەنها لە بواری تەلارسازیدا بەمانای ڕاستەوخۆی "دانانی بەردی بناغەی بینایەك " بەکار دەهات، بەڵام دواتر بە مانا مەجازییەکەی لە زانستی زمانەوانی و شێوازگەری و زانستەکانی تریشدا بەکار دەهات))(ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠١١: ٦٠). بەواتایەکی گشتی بونیادگەری لە نێو زماندا، مەبەست لێی پێکەوەهاتنی بەش و توخمەکانی زمان لە بچوکترین یەکەوە کە( فۆنیمە) تا گەورەترین یەکە، کە (ڕستە)یە، لەفەرهەنگی (لاروس )دا، کە بەزمانی فەرەنسی نووسراوە، زاراوەی بونیادگەری بەم شێوەیە ناسێنراوە((تیۆرێکی زمانەوانییە، زمان وەك کۆڵەکەیەکی سەربەخۆ دادەنێ،کە توخمەکانی بەهۆی پەیوەندییەکانەوە ڕووندەکرێنەوە لەسەر ئاستی جیاجیا(فونیم، مۆرفێم، ڕستە )بەپێی بیری مرۆڤ و لەچەند زانستێکی مرۆڤایەتیدا دەروونناسی و ئەنسرۆپۆلۆجی،، هتد. بۆ پێناسەکردنی ڕاستەقینەیەکی مرۆڤایەتی لەسەر ڕێگای کۆمەڵەیەکی پێکهاتوو کە تێگەیشتن بەهۆی مۆدێلی ماتماتیکی دەستەبەر دەبێ))( تایەر حسەین، ٢٠٠٨: ٣١). کەواتە بە بۆچونی زۆرینەی ڕەخنەگرانی ئەدەبی، ناتوانین لە چەمك و ئەرکی زاراوەی بونیادگەری تێبگەین، تابەنێو بنەما زمانەوانییەکان و تێگەیشتنە زمانەوانییەکاندا تێنەپڕین کە بوون بە بناغەیەك بۆ زاروەی بونیادگەری، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی خاوەنی بونیادێکی

تایبەتی خۆیەتی، بۆ تێگەیشتنی تەواو لە دەقەکە پێویستمان بە دەرخستن و دەستنیشانکردنی بنەماکانی ئەو بونیادەیە، کە ئەویش لە زمان پێکهاتووە، هەروەها سنوری تویژینەوەکەمان دیاری کراوە و لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت لەبەشی یەکەم دا بە شێوەیەکی نەزەری و تیۆری باس لە چەمکی بونیاد گەری دەکەین و لە بەشی دووەمدا بە شێوەیەکی پراکتیکی دید و بۆچوونی شاعیرانمان خستوەتە ڕوو لە تەونی بووناید گەریدا، هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بۆئەدەگەڕێتەوە کەچەمکی بونیادگەری یەکێکە لە چەمکە هەرە گرنگەکانی تێگەشتن لە ڕێبازە ئەدەبییەکان و بە شێوەیەکی بەرچاو لای ئەم دوو شاعیرە هیچ کارێکی لەسەر نەکراوە، ڕێبازی توێژینەوەکە بە ڕێبازی بونیادگەری ئەنجام دراوە و بە پێی پێویست سوود لە ڕێبازی شێوازگەریش وەرگیراوە، هەروەها گیرو گرفتی توێژینەوەکە کەمی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی یان ڕەخنەگرانی ئەدەب بەم میتۆدە کە یەکێکبووە لە گیرو گرفتەکانی ئەم توێژینەوەیە.

## بەشی یەکەم

### ١-١ -پێناسە و چەمکی بونیادگەری:

چەمکی بونیادگەری خاوەنی واتا و سنورێکی فراوانە، ئەویش بەهۆی یەکانگیر و تێکەڵبوونی لەگەڵ چەند زانستێکی دیکەی وەك (فەلسەفە و ئەنسرۆپۆلۆژی و زانستی زمان و ئەدەب ...هتد) بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەیە، پەیوەندنی چەمکی بونیادگەرییە بە ئەدەبەوە، لێکۆڵەرەوانی ئەدەب بەم جۆرە باسیان لە بونیادگەری کردوە لە نێو دنیای ئەدەبدا ((پێناسەکردنی چەمکی بونیادگەری کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە دیدگای جیاوازە وە سەیر دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوونی ئەم چەمکە بۆ سێ تەوەری جیاواز، کە خۆیان لە بەزانستبوون و فەلسەفە و میتۆدا دەبیننەوە، لە هەمان کاتیشدا، بونیادگەری لە کایەی سۆسۆ لۆژیا و ئەنسرۆپۆلۆجیا و زانستی دەروونناسیدا کاری خۆی کرددوە، نەبوونی پێناسەیکی دیاری کراو تاڕادەیەك بۆ سروشتی خودی بونیادگەرییەکە دەگەڕێتەوە))( هەمان سەرچاوە،٢٠٠٨: ٧١). هەندێك لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی بونیادگەری وەك میتۆدێکی نوێ دەبینن و دەڵێن، بونیادگەری(( میتۆدێکی تری هاوچەرخە، زیاتر لە

لێکۆڵینەوەی دەقی شیعریی نوێدا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بەهۆی گونجانی سروشتی میتۆدەکە لەگەڵ ئەو یەکێتییە بابەتییەی لە شیعری نوێدا هەیە، بەڕای (موکار شوفسکی) " چەمکی بونیاد لە ڕێگەی پەیوەندیە ئاڵوگۆڕیەکانی نێوان بەشەکان، پشت دەبەستێت بە یەکێتی گشتی ناوەوە" ئەمەش تەنیا لە ڕێگای پەیوەندیە پۆزەتیڤیەکان و ڕێك کەوتن و ڕێکوپێکییەوە نایەتە دی، بەڵکو لە ڕێگەی دژەکان و جیاوازیەکانیشەوە دێتە دی))( ئەحمەد حسێین، ٢٠٠٨: ٧١). هەر دەربارەی چەمکی بونیادگەری، زۆبەی توێژەرانی ئەدەبی بونیادگەری دەبەستنەوە بە زمانەوانییەوە و دەڵێن(( ئەم ڕەوتە یان ئەم میتۆدە پێی وایە زمان بریتیە لە کۆی پێکهاتەی ڕەگەزە جیاواز و پێکەوە بەستراوەکان، بەجۆرێك ناشێت هیچ ڕەگەزێك بەجیا دیاری بکرێت و باسبکرێت، بەڵکو دەبێت ڕەگەزێك لە پەیوەندیدا بەکۆی ڕەگەزەکانی ترەوە دیاری بکرێت )) ( ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠١١: ٦٠). بونیادگەرایی یەکێکە لە تیۆرییە جەوهەریەکانی سەدەی بیستەم، ئەم زاراوەیە پێناسەی جیاوازی بۆکراوە لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە و پەروەردەکاران یان سیاسەتمەداران پەرەی پێدراوە، هەروەها بونیادگەرایی بە زاراوەی جۆراوجۆری وەک: بونیادگەرایی کەسی پیاجێت، بونیادگەرایی کۆمەڵایەتی ڤیگۆتسکی، بونیادگەرایی ڕادیکاڵ لەلایەن ڤۆن گلاسەرسفێرد بەکارهاتووە ,Cigdem Hursena) Gulcin Ertac, 2015: 476). ڕەخنەگرانی ئەدەبی پێیان وایە، چەمکی بونیادگەری هەڵگری واتایەکی ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەیە کاتێك پرسیار لە بارەی بونیادگەرییەوە دەکرێت، ئەو دەڵێت " ((بونیادگەری چییە؟ زۆر زەحمەتە دیاری بکەین و ڕاڤەی بکەین بەتایبەتی کە زانیمان ئێمە بەم ناوە ئاماژە بۆ زۆر شیکردنەوە و پێڕەو و کتێبی جیاواز دەکەین. یان ڕەخنەگران دەڵێن(( بونیادگەری ڕێگەیەکە بۆ شیکردنەوەی ڕووخساری دەق و ناوەڕۆکەکەی بەسود وەرگرتن لە دەرهاویشتەکانی زانستی زمان))( تایەر حسەین، ٢٠٠٨: ٣٠). بونیادگەری لەگەڵ چەمکی فێربوونی چالاکدا بەکاردێت مامەڵە لەگەڵ چۆنیەتی فێرخوازدا دەکات، زانین بنیات دەنێت. دروستکردن و ڕێکخستنەوەی بابەتیی زانین و بنەمای ڕێبازەکە تاک لەسەر بنەمای زانیاری کە بەدەستی هێناوە دیاری دەکات .(Nazan, Darya and busra, 2021: 46 )لە سەرجەم پێناسەکان بۆ چەمکی بونیادگەری، ئەوە بەرچاودەکەوێت کە، سەرهەڵدانی بونیادگەری دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی زمانەوانی بەناوباگ (فردیناند دی سۆسێر ١٨٥٧- ١٩١٣

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

)ەوە، سەریهەڵداوە. پاشان ڕەگەز و بنەماکانی ئەم ڕەوتە نوێیە وایکردوە کە زۆربەی نوسەران و لێکوڵەرەوانی ئەدەب گرنگی پێبدەن، بەو پێیەی کە زمان سەرچاوەی یەکەم و کەرەستەی خاوی بونیادی هەموو دەقێکی ئەدەبییە، بونیادگەرییەکانیش کاری سەرەکیيان دەرخستنی پەیوەندی یان دژیەکی ئەو بنەمانەیە، واتە لێکۆڵینەوەی بونیادگەری لەنێو دەقەوە دەست پێدەکات و هەر لە نێو دەقیش کۆتای دێت. بەخۆلادان لەلایەنی مێژووی و کۆمەڵایەتی و دەروونی نووسەر، بەڵکو فۆکەسی تەواو لەسەر دەقەکەیە ((فۆکۆ – هەوڵدەدات لە ناو چەمکێ کاربکا وێنەی بونیادگەریمان پێبدات، کە بریتیە لە چەمکی (نەسەق) کە دەڵێت ( مەبەستم لە وشەی نەسەق کۆمەڵە پەیوەندییەکە سەقامگیر دەبێت و دەگۆڕێ بە سەربەخۆیی لەو شتانەوە کە پەیوەستن لە ناویەك))( کەریم دەشتی، ١٩٩٨: ٤٤-٤٥).

**٢-١ -پرەنسیپەکانی بونیادگەری:**

بێگومان هەر ڕێباز و ڕەوتێکی نوێ بۆ ئەوەی جیاواز دەربکەوێت و گەشە و برەوە بە خۆی بدات پێویستی بە چەند بنەماو پرەنسیپێکی جیاواز هەیە بە بەراورد بە ڕەوت و ڕێبازە هاوچەشن و هاوپۆلەکانی خۆی. هەرلەسەر ئەم بنەمایەش لەکاتێکدا بوونیادگەری دەرکەوت چەند خاڵێکی وەك بنەما دارێژراو بۆ ئەوەی کە شوێنکەوتوانی گرنگی پێبدرێت. کە زۆربەیان خۆیان لە نێو بابەتە زمانەوانیەکان وگرنگیدان بە خودی دەق دەدا بە دابڕینی دەق لە دنیای دەرەوەی خۆی، کورتەی پرنسیبەکانی بونیادگەری خۆی لەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە:

١-٢-١ )) -بونیادگەری دژ بەو میتۆدانەیە کە ئەدەب لە ڕوانگەی فاکتەری دەرەوەی ژینگەدا دەبینن، ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرن، کە تەنها ڕاڤەیەکی ڕونکردنەوەیی (تەعلیلی )یە، پشت ئەستورە بە سیاقی کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەوە بونیادگەراکان، جەخت لەسەر گەوهەری ناوەوەی دەق دەکەن، بەبێ گوێدان بە فاکتەری کۆمەڵایەتی وسیاسی و باری دەروونی و ئایدۆلۆژیای نووسەر، ئەوەیش ڕادەگەیەنن کە کاری ئەدەبی سیستم و بونێکی تایبەتی خۆی هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١-٢-٢** -گەوهەری رەخنەی بونیادگەری شیکردنەوەیە، نەك هەڵسەنگاندن باشی و خراپی بەرهەم ئامانجی ئەم میتۆدە نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکیان چۆنێتی دەرخستنی پێکهاتە و واتایە، ئەویش لە ڕوانگەی پێکەوە گرێدانی توخمەکانەوەدەبێت.

**١-٢-٣** -فورمی ئەدەبی لای بونیادگەرەکان لە دەقەوە دەست پێدەکات و هەر لەوێش کۆتای دێت، هەرچەند زیاتر بەرەو خوێندنەوەیەکی شیکاریانەی دەق بڕۆیت، بونیادگەرە ئەدەبییەکانت زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە)) (تایەر حسەین، ٢٠٠٨: ١٠٦ ).

**١-٢-٤** -دەکرێت بڵێین کە بونیادگەریی لە بنەچەدا هەوڵێکە بۆ پەیرەوکردنی بەرنامەی زانستی زمانەوانی گشتی، بەتایبەتی ئەو بەرنامەیەی کە زمانەوان دیسۆسێر، لە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا بەجێی گەیاندووە، بەڵام ئەگەر دیسۆسێر جیاوازی لە نێوان زمان و وتەکان، یاخود لە نێوان زمان وەك ڕێساو زمان وەك بەکارهێنانی لە قسە و نووسیندا دەکات، بونیادگەراییەکان جیاوازی لە نێوان وێژە و داهێنانی وێژەیی دەکەن، وێژە بە پەیڕەوێکی ڕەمزی پێناسە دەکەن، لە ژێرەوەی ڕێبازیی پەلوپۆیە کە پێی دەڵێن جۆرەکانی وێژە، بەڵام کرداری وێژەی دەقی وەدی هاتوە)) (کەمەل مەعروف، ٢٠١٢: ٨٧).

**١-٢-٥** -شیکردنەو و هەڵسەنگاندنی هەر دەقێکی ئەدەبی بە پێی پرەنسیبی بونیادگەرییەکان(( ئەو جۆرە شیکردنەوەی دەق پەیوەندی (بەش ) و (گشت )، یان ( تایبەت ) و (گشتی ) دەردەخات، کە ناکرێت (بەش)ێك بە تەنیا و بە دابڕاندنی لە (گشتی) دەقەکە لێك بدرێتەوە و بەهاکەی دیاری بکرێت" مەبەستمان لەگشتیش "پێکهاتەی ڕوخساریی و واتایی دەقی شیعرییە، بۆ نمونە سەروا لە ڕوانگەی بونیادگەرەکانەوە دیاردەیەکی دەنگی ڕووت نییە، بەڵکو لە تۆڕی پەیوەندی واتایی دەقەکەوە هەڵدەقوڵێت و بەشداری لە پێکهێنانی ئەم تۆڕەدا دەکات)) (ئەحمەد حسێین، ٢٠٠٨: ٧٧) .

**١-٢-٦** -بونیادگەری تیۆرێك نییە تەنها بۆ کاری ئەدەبی بەڵکو ڕێبازێکە کە خۆی وەك چەترێك دەبینێت کە زۆربەی زانستەکانی دیکە لەژێر سێبەر و ڕاڤەی خۆیدا دەبینێتەوە بە فەلسەفەیشەوە (بونیادگەری خۆی لە زانست و میتۆد و فەلسەفەدا دەبینێـەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا قوتابخانەیەکی فەلسەفی و بوارێکی تایبەت بە زانست نییە، بونیادگەر فەلسەفە نییە، ڕێبازێکە لە جیهانبینی و میتۆدێکە لە سەرنج و تێڕامانی بوون، یاخود دەوترێـت

هەرشتێك خاوەنی بوونێك بێت جا بونی مادی بێت یان نا مادی خاوەنی بونیاد و پێکهاتێکی تایبەتە، بونیادگەرەکانیش لە ئەنجامی ڕێکەوتنی ئەوبەشانە دەکۆڵنەوە کە هەریەکەیان ئەو پێکهاتەی لێ پێکهاتووە) ( ئەمین محمد، ٢٠١٢: ١٨٩.(

**١-٢-٧** -بونیادگەری کاری خۆیان لە نێو دەقدا دەبیننەوە و پێیان وایە سنوری کاری لێکۆڵەری ئەدەب هەر لە نێو دەقدا دەست پێدەکات و هەر لەوێش کۆتای دێت(( بونیادگەری باوەڕی بەلایەنی کۆمەڵایەتی و خودی ئەدەب نییە، زیاتر جەخت لەسەر پێکهاتەیەکی زمانەوانی سەربەخۆ دەکەنەوە، بەوەی کە سیستەمەێکە لە هێما و دەلالەت لە دەقدا بەرجەستە دەبێت و پەیوەندی بە دەرەوەی دەقەوە نییە، هەروەها بۆ دەرخستنی بونیادی دەق، پەنا بۆ لێکچوون ( التشابە ) هاوسەنگی ( التوازی ) هاودژ (التچاد) هاوسێتی ( التجاور ) هاوبەرامبەر ( التقابل ) پێچەوانەی (التعارچ) دەبەن)) (تایەر حسەین، ٢٠٠٨: ١٠٧). (لێکچواندن یەکێکە لە هونەرە هەرە دیارەکانی ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی ئاسان ترین جۆری ئەو پێکهێنەرە ڕەوانبێژییانەیە کە وێنە بوونیاد دەنێن، شاعیریش زیاتر سەربەست دەبێت و مەودایەکی فراوان تری لەبەردەمدا دەکرێتەوە هەروەها ئێمەش لەو باوەڕەداین کە سەرەتاترین هونەرێکیێت نەک هەر لەشیعردا بەڵکو لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکدا لەکاتی ئاخاوتن و ئیش و کاری ڕۆژانەیاندا بەکار دەهێنرێت. (M. salih, Zebari, 2023: 43) (

**١-٢-٨** -یەکێکی دیکە لە پرەنسیبەکانی بونیادگەری لەئەدەبدا ئەوەیە(( بونیادی قوڵی تێکست و تۆڕی ئاڵۆزی پەیوەندیی توخمەکانی تێکست، دەبن بەبناغەی سەرەکیی کاری ئەدەبی، تەنها پەیوەندییە ناوەکییەکان ئەدەبییەتی ئەدەب بەرجەستە دەکات))( ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠١١: ٦٤). لەنێو لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکاندا وشەی بونیادمان بەچەندین شێوە بەرچاو دەکەوێت ئەویش بەهۆی زۆری ئەو بوارانەی کە بونیادگەرەکان دەتوان ئیشی تێدا بکەن ئەویش ( بونیادی شیکردنەوە، بونیادی پارچەیی، بونیادی هەمەلایەنی، بونیادی هەرەمی، بونیادی ئاڵوگوڕ، بونیادی ژێرەوە، بونیادی ناوەوە، بونیادی قورس، بونیادی وێنەی، بونیادی دابەش کراو، بونیادی هاو کێش، بونیادی قوڵ))( تایەر حسەین، ٢٠٠٨: ٢٧). هەروەك چۆن کۆمەڵێك ڕەخنە و ناڕەزایەتی لە میتۆدەکانی پێش خۆی بووە هۆی دەرکەوتنی بونیادگەری، بەهەمان شێوە بونیادگەری خۆیشی لە ڕەخنە بەدەر نەبوو، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە بونیاد گەرییەکان

ئەدەبیان لە هەموو کاریگەریەکی دەرەوەی خۆی داماڵیبوو، ئەمە لە کاتێکدا خودی ئەدەب بەرهەمی مرۆڤە و بۆخزمەت و گەیاندنی پەیامی مرۆڤە بۆ خۆش بەختی و چێژگەیاندن بەرەوباشتربردنی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە، لەئەنجامی ئەم ڕەخنانەدا جۆرێك یان لقێکی نوێی بونیادگەری هاتەئاراوە کەبە (بونیادگەری پێکهێنەران ) ناسێنرا.

**١-٣- بونیادگەری پێکهێنەرانە:** بەکار هێنانی زاراروەی بونیادگەری پێکهاتووی یان پێکهێنەرانە، دەگەڕێتەوە بۆ رەخنەی چەندین نووسەر لە ڕەوتی بونیادگەریە زمانەوانییەکەی ( دی سۆ سێر)، لەوانەش (بیربۆردیو، جۆرج لۆکاش، گۆڵدمان) ئەم ڕەوتە نوێیە زیاتر لەلایەن ( لوسیان گۆڵدمان ١٩١٣ -١٩٧٠ ) پەرەی پێدرا، کەلە ڕاستیدا ئەمیش خۆی لە ژێر کاریگەری (جۆرج بۆکاش و جان بیاجە)دا بوو. بە بۆچوونی گۆڵدمان ( لەئەنجامی پەیوەندی نێوان بونیاد و ئەرکەکانی هێزێکی کاریگەر دروست دەبێـت کە مێژوو دەجوڵێنێت، ئەوەی سەرنج ڕاکێشە دۆخی بونیاد جوڵەیە نەك سەقامگیری، بە بۆچوونی گۆڵدمان ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیە نووسەرێك تێیدا دەژی لە بوونیادی زەینی نووسەرەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، لە میانەی بەرهەم هێنانی دەقێکی ئەدەبی و هونەری، ئەو نوسەرە جیهانبینی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە دەخاتە ڕوو کە تێیدا دەژی،گۆڵدمان لەو باوەڕەدا نییە، کەبوونیاد یەکەیەکی سەربەخۆی نامێژووی دەرەوەی زەمەن بێت، لەبەرئەوەی واقع لە بونیادی زەینی مرۆڤدا ڕەنگی داوەتەوە) ( تایەر حسەین، ٢٠٠٨: ١٢٦-١٢٧). کەواتە ئەگەر بونیادگەری پتر بەدوای ڕێساو سیستمە ناوەکییەکانی تێکستی ئەدەبیدا بگەڕێت، وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ سەیری تێکست بکات، لەهەموو لێکدانەوەیەکی دەرەکی بێبەری بکات، (ئەوا بە تێڕوانینی رەخنەی بونیادگەری پێکهێنەرانە" ڕوانین بۆ دنیا "بەشێك نییە لە داهێنانی خودی نوسەر، بەڵکو بەشێکە لەو پێکهاتە مەعریفەی گرێدراوە بە چینە کۆمەڵایەتیەکەوە، ئەم ڕوانینە بۆ دنیا لە چەند پەیوەندیەی دینامیکی نێوان ڕەگەزەکانی کاری ئەدەبیدا، ئەو بونیادەیە کە لە نائاگای نووسەردا نیشتەجێ دەبێت،کەواتە ئەو بنیادە بریتییە لە ڕوانینێك بۆ دنیا کەلەتێکستێکی ئەدەبیدا ڕەنگرێژ کراوە) ( ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠١١: ٧١). بە بۆچوونی گۆڵدمان و شاعیر و نووسەرانی سەر بەم ڕەوتە، شاعیر بەخواستی خۆی نییە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەوروبەر و لایەنی سایکۆلۆژی و ..هتد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهەمان شێوە بەرهەمی ئەدەبی شاعیر کاریگەری و پەیامیش لەدوای خۆی بە جێدەهێڵێت، بۆیە ناکرێت تەنها لەلایەنی زمانەوانییەوە لە دەق بڕوانین.

## بەشی دووەم:

### ١-٢ -بونیادگەری لەنێو ئەدەبی کوردید :

وەك ئاشکرایە ئەگەر هەموو ڕێبازە ئەدەبیەکانیش نەبێت ئەوە زۆربەیان لە ئەوروپاوە سەریان هەڵداوە و گەشەیان کردووە، پاشان بە تەواوی وڵاتانی جیهاندا بڵاو بوونەتەوە، وڵاتانی عەرەب لە پێش کوردەوە ئاشنابوون بە ڕێبازە نوێیە ئەدەبییەکان، بێگومان کوردیش لە دوای عەرەب ئەو ڕێبازە ئەدەبیانەی پێگەیشتووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە سەرچاوەی ڕۆشنبیری شاعیران و نووسەرانی کورد زمانی عەرەبی بووە، نەك زمانی ئینگلیزی، ئەو بۆچوونە بۆ سەرجەم ڕێبازەکان و لە نێویشیاندا بونیادگەری بۆچونێکی تەندروستە، (دەشێت لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا، ئەم ڕەوتە لەڕێبازە ڕەخنەییە خۆرئاواییەکانی دیکە، پتر برەوی هەبوویێـت، لەوانەیە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ هەژموونی تەوژمی چەپەکان و پارتە مارکسیستە عەرەبییەکان، کە لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا کاریگەریان لەسەر ئەدەب و بەگشتی کلتوردا هەبوو، ئەم ڕەوتە وەك میتۆدێکی ڕەخنەیی، لە لێکوڵینەوە ڕەخنەییەکانی محمەد برادە و محەمد بەنیس و یمنی العید پراکتیزە کراوە، لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیشدا، مەریوانی وریا قانع میتۆدی بونیادگەری پێکهێنەرانەی لە چەندین لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی پراکتیکیدا بەکار هێناوە، بۆ خوێندنەوەی تێکستی مەحوی و گۆران و شێرزادحەسەن و محەمەد عومەر عوسمان) ( ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠١١: ٧٣). شایەنی باسە (نوسینەکانی (مەریوانی وریا قانع) لەسەر بابەتی بونیادگەری لەنێوان ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٩)بەسەرەتای کاری ئەدیبانی کورد دادەنرێت لەم تیۆرە نوێیەدا هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا، نووسینێکی (عبدوڵا تاهیر بەرزنجی) بەعەرەبی، دەچێتەوە خزمەتی ئەمبابەتەوە، ئەویش بە پراکتیزەکردنی تیۆری بونیادگەرییە لە شیعرێکی عەرەبی (دڵشاد مریوانی)دا( تایەر بەرزنجی، ١٩٨٨: ٧). بەشێوەیەکی  گشتی ((ئەم میتۆدە لەنێو ئەدەبی کوردیدا لە کۆتای هەشتاکان و سەرەتای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەوەدەکاندا برەوی پەیداکرد و هاتەنێو پرۆسەی ڕەخنەییەوە، بەڵام تەمەنی ئەو برەوپێدانە کەم بوو))( هەمان سەرچاوە، ٢٠١١: ٦٥-٦٦.

**٢-١-١ -بونیادگەری و هەڵسەنگاندن و پراکتیزەکردنی لە دەقەشیعرێکی گۆراندا:**

وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، کە تیۆری بونیادگەری ئیش لەسەر ناوەی تێکست دەکات، واتا لەو وشە و دەستەواژە و ڕەمزانە دەکۆڵێتەوە کە لە نێو دەقی ئەدەبیدا بەکار هاتوون، لە ڕووی (دژیەکی، یان هاوشێوەی، یان هاوسێیەتی... هتد) نەك، ئەو پەیامەی کە دەقە ئەدەبییەکە هەڵیگرتووە، یان ئەوەی شاعیر بۆ چ مەبەست و پەیامێك ئەو دەقەی نووسیوە، ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی کەم کردنەوەی ڕێژەی دەقە ئەدەبییەکان، شاعیر زیاتر ئاماژەی شیعریی بەکاردەهێنێت بۆ ئاماژەدان بە بونیادگەرایی نەرێنی وشە و دەستەواژەکان، ڕەنگدانەوە و لێکەوتەکانی .(Thulla & Fofanah, 2023: 277)بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەبێـە هۆی دەرخستنی توانا و کارامەی شاعیر لە بواری هەڵبژاردنی وشە و ڕەمز و گوزارشتەکانیاندا. چونکە( لە ڕووی ڕوخساری شیعرەوە، ئەو وشەیە یان (ئەو گوزارشتەی - یان وێنەیە) کە لە شیعرێکدا جوانە، ڕەنگە لە شوێنێکی تردا ئەو بەهایەی نەبێت، واتە ئەو شیعرە وەك یەکەیەکی یەکگرتوو و گشتی، بەها دەبەخشێتە هەر بەشێك لە بەشەکانی، ناتوانین بەشێك یان (پێکهاتەیەك یان ڕەگەزێك) بەتەنیا وەرگرین و بە داڕاندی لە بەشەکانی دیکەی دەقەکە، بەهاکەی دەستنیشان بکەین) ( ئەحمەد حسێن، ٢٠٠٨: ٧٨). بێگومان ئەوە ڕوونە کە گۆرانی شاعیر، کەسێکی بێهاوتا و نموونەیی بووە لە هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەکاندا بۆ دروستکردنی شیعری جوان و ناسك، هەمیشە هەوڵیداوە بە کەمترین وشە شیعریەتێکی تەواو لە شیعرەکانیدا بخولقێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش هیچکاتێك زێدەڕۆیی نەکردووە لە پێکەوەنانی وشەکانی لە داڕشتنەوە ئەو بیرەی کە هەی بووە، وەك خۆی لە شیعرێکدا ئاماژەی بەوحاڵەتە کردووە و دەڵێت :

هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم!
بۆم ناخرێتە ناو چوار چێوەی هەڵبەستم
لێکدانەوەی دەرون قسەی زمانم!

بۆچی وەها لەیەك دوورن نازام؟!  (دیوانی گۆران، ١٩٨٠: ٦١)

لێرەدا نمونەیەك لە دیوانی گۆران دەکەین بەکەرەستەی لێکۆڵنەوەکەمان، هەوڵدەدەین کە بنەماکی بونیادگەری تێدا بخەینە ڕوو بە تایەتی (دوالیزم – دژیەکی ) لەگەڵ ( هاوچەشنی) ئەویش نمونەی شیعری ( ئافرەت و جوانی! )یە، بۆزیاتر ڕونکردنەوەی بابەتەکە، باشترە لە سەرەتادا دەقی شیعرەکەوەك خۆی بنووسینەوە، پاشان کاری لەسەر بکەین.

ئافرەت و جوانی

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دییوە    لە باخچەی بەهار گوڵم  چنیوە
شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە    لەزەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە،
پەلکەزێڕینەی پاش بارانی زۆر    چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر ،
هەتاوی نەورۆز مانگی جۆدرەو    زۆر هاتوون و چوون بەڕۆژ و بە شەو.
خورەی قەڵبەزەی کەفزیوینی چەم    لەهەزار چەشنە پرشنگی ناو تەم ،
میوەی گەیشتوی زەرد وسوری باخ    جریوە و جوکەی دارستانی شاخ
لە گەروی شمشاڵ لە تەلی کەمان    گەلێ هەڵساوە ئاوازی جوان جوان.
ئەمانە هەمووی جوانن شیرینن    ڕۆشن کەرەوەی شەقامی ژینن
بەڵام تەبیعەت هەرگیزا و هەرگیز    بێ ڕوناکییە بێ بزەی ئازیز،
بێ ئاوازەیە دەنگە نەرمەکەی    با نەیدا لە گوێم ، تێر نەڵیم ئۆخەی
کام ئەستێرەی گەش کام گوڵی کێوی    ئاڵە وەك گوڵمی ؟ گۆی مەمکی ؟لێوی ؟
کام ڕەشی ئەگا بەڕەشی چاوی    برژانگی؟ برۆی؟ئەگریجەی خاوی ؟
کام بەرزی جوانە وەك بەرزی باڵای    کام تیشك ئەگاتە تیشکی نیو نیگای ؟
کام تاسە، کام مەیل ، کام چاوەنواڕی    تەلیسماوییە وەك هی دڵداری ؟
(    دیوان گۆران، ١٩٨٠: ٤٣).

بۆ تێگیشتن لەم دەقە پێویستە سەرەتا بونیادی گشتی دەقەکە دیاری بکەین و پاشان بونیادی لێکچوون و بونیادی دژ دیاری بکەین. ئەم هۆنراوەیە هەر لە ناونیشانەکەیەوە ڕووبەڕووی دوو بونیادی تەواو سەربەخۆ دەبینەوە کە بە ناونیشانی ( ئافرەت و جوانی ) یە، گۆرانی شاعیر لەنێو لێکۆڵەرانی ئەدەبدا، بە شاعیری (سروشت و جوانی ) ناسراوە،گۆران هەمیشە چ لە ژیانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەتی خۆیدا بێت یان لە نێو دنیای شیعرەکانیدا بێـت، هەمیشە بەدوای جوانیدا عەوداڵ بووە هەمیشە ویستوویەتی شیعریەتی جوانی و وێنە جوانەکان بخاتە بەر دیدی خوێنەران، ئەمەش لە نێو بەرهەمەکانیدا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە وەك (گەشتی هەورامان و گەشتی قەرەداخ ) لەژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بە دوای جوانیدا گەڕاوە، لە نێو دنیا بەرینەکەیدا شیعری جوانی لە لوتکەدا دەبینرێت، هەر بۆیە دەبینین چەندین جار وشەی جوانی و سروشت، باسی سروشت چەندین جار دەبینرێت .ئەم دەقە شیعرەش کە لەبەر دەستماندایە، نمونەیەکە لەو جوانیەی کە گۆران بەدوایدا گەڕاوە و هەمیشە لە نێو باسکردنی جوانی سروشت و جوانی ئافرەتدا خولاوەتەوە، بیری خۆشە ویستی شاعیران و خەیاڵی خۆشەویستی ئافرەت بابەتێکە زۆربەی شاعیرانی گرتوەتەوە، بەشێکی بەرفراوانی لە داهێنانە شیعریەکانیان پەیوەست بە خۆی کردووە، لەبەرئەوە ئافرەت لە مەیدانی شیعردا پانتایەکی فراوانی بەرکەوتوە، شاعیران هەر لە کۆنەوە بایەخیان بە ئافرەت وعەشق و خۆشەویستی داوە، هەرچەندە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ خۆشەویستی نییە، زەحمەتە بتوانین وێنای خۆشەویستی لە پێناسەیەکدا بخەینە ڕوو( پەری، سرەوە، بێستون، هێمن، ٢٠٢٣:٤٤).هەر لەناونیشانی شیعرەکەشەوە تێدەگەین کە گۆران دەیەوێـت باس لە جوانی بکات، بەڵام کام جوانی؟ ئایا جوانی ئافرەتە؟ یان سروشت؟ بێگومان وەك پێشتر باسکرا گۆران هەمیشە لەنێو باسکردنی جوانی ئافرەت و جوانی سروشت، هیچیانی فەرامۆش نەکردووە، گۆران (لە ساتە زۆر ناخۆش و سەختەکانی ژیانیدا و لە بارودۆخی نائارامیی دەرونیدا ئەو هەمیشە هەست و نەست و سۆزی بەرامبەر بە خۆشەویستی بۆ ژنان خرۆشاوە، ژیانی ناخۆش و نەهامەتییەکانی کاریان نەکردوەتە سەر حەز و خولیا و خۆشەویستی بۆ ژنان) (عیزەدین سەعدوون، ٢٠١٥: ٢٥٥). ئەوەش دەرخەری ئەوڕاستییەیە کە جوانی ئافرەت زیاتر سەرنجی گۆرانی ڕاکێشاوە تا جوانی سروشت، لەم هۆنراوەیەدا (ئافرەت وجوانی) کە پێکهاتووە لە (١٤ ) دێڕ، دەتوانین دابەشی بکەین بەسەر دوو بنیاد دا، کە ئەویش بنیادی ( سروشت و مرۆڤ) لە ڕووی جیاوازییەوە.

ئەگەر سەرنجێکی خێرا لە بونیادی گشتی دەقەکە بدەین، دەبینین کە بە شێوەیەکی گشتی بە باسی سورشت دەست پێدەکات، هەر لەدێڕی یەکەمەوە تا دێڕیی حەوتەم بەشێوەیەکی زنجیرەی و یەك لەدوای یەك باسی جوانی سروشتمان بۆ دەکەت، بێگومان بە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوەیەکی شارەزایانە، بەجۆرێك لە باسی ئاسمانەوە دەست پێدەکات، ئەگەر بەوردی سەیری بونیادی دێڕەکان بکەین دەبین گۆران بەجۆرێك دەستی پێکردوە، کە لە دێڕی یەکەم دا یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی بونیادگەری ڕەچاو کردووە کە ئەویش ( هاوسەنگی) یە، لە بەرامبەر جوانی ئەستێرە لە ئاسماندا - جوانی گوڵ هەیە لە سەر زەوی:

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە لە باخچەی بەهار گوڵم چنییوە (دیوان گۆران، ١٩٨٠: ٤٣).

دواتر لە دێڕی دووەمدا ڕوانینەکەی پێچەوانە دەبێتەوە، لەم دێڕەیاندا ڕوانینی لە زەوییەوە دەستپێدەکات بەرەو ئاسمان کە دەڵێت:

شەونمی درەخت لەڕووم پڕاوە لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە (دیوان گۆران، ١٩٨٠: ٤٣).

بەهەمان شێوەیش لەم دێڕەدا، یەکێکی دیکە لە بنەماکانی بونیادگەری بەدی ئەکرێت، کە ئەویش (لێکچوون)ە (التشابه)، ڕەوانبێژییە دەربڕینی ماناو مەبەستە بە وشەی ڕەوان وگونجاو لەگەڵ باری پێویستی کەسی بۆوتراو ناساندنی ڕەوانبێژییە ( M. Salih, Meera, 2021: 100). ئەویش چواندنی ( گوڵە بە خۆی) لە کەوتنی شەونم لەسەر ڕووی، واتە بەکارهێنانی وشە شیاو بۆ مەبەستی دیاری کراوی شاعیر و درووستکردنی وێنەی شیعری .

پاشان دیمەنێکی جوانی سروشتمان پیشان دەدات، کە بۆ تێگەیشتن لێیان یان بۆ بینینی وێنە گەورەکە پێویستان بە لەیەکدانی هەموو بەشەکانە و دەرخستنی پەیوەندی نێوان بەشەکان بەیەکەوە، وەك لەم دێڕدا دەبینین، دەڵێت :

پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر چەماوەتەوە بەرامبە بە خۆر (دیوان گۆران، ١٩٨٠: ٤٣). دێڕی دواتردا دەڵێت:

خوڕەی قەڵبەزەی کەفزیونی چەم لەهەزار چەشنە، پرشنگی ناو تەم (دیوان گۆران، ١٩٨٠٩: ٤٣).

لێرەدا بەشەکان چەند وشەیەکی ناسك و ئاوازدارن وەك (پەلکە زێڕینە - پاش باران، چەمانەوە بەرامبەر خۆر، خوڕەی قەڵبەزە، پرشنگی ناو تەم) بەڵام ئایا ئەم وشانە ئەگەر لە بۆتەی شیعرێکی ناسك و جواندا نەبن دەتوانن هەمان وێنە و هەمان ڕیتم و ئاواز جوانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروستبکەن؟ بێگومان نەخێر بۆیە ئەگەر بمانەوێت لەوێنەگەورەکە تێبگەین دەبێت بەشەکان واتە وێنە بچووکەکان لێکبدەین، کە ئەویش بریتییە لە دەمەو بەیانییەك کە دونیا کپ و بێدەنگە و لێزمەی باران کۆتای هاتوە و پەلکە زێڕینەی قەوس دەرکەوتوە، لە نێو تەم و بومە لێڵەی ئەو بەیانیەشدا هەزار جۆر و چەشن جوانی دەرکەوتوە. وەک ئەحمەدموختاری شاعیریش دەڵێت: ( فوستانی ڕەشی نازکی چین چینی بەبەردا... وەک هەوری سیابێ بەسەر قورسی قەمەردا) بەهەمان شێوەی گۆرانی شاعیر وەصفی قورسی قەمەر و پەلکە زێڕینەمان بۆدەکات بەڵام ئەم توانیویەتی هوونەری خواستن دروست بکات لە قورسی قەمەردا کە مەبەستی ڕووی یارە و چەن لێکچواندنێکیشی لە هەمان دێڕدا بەکارهێناوە بەهەمان شێوە دەچێتە نێو میتۆدی بونیادگەری( هێمن کریم، ٢٠٢١: ١٨٩). وەك بەشێکی دیکە لە جوانییەکانی سروشت شاعیر باس لە دومانگی ساڵ دەکات کە تێیدا سروشت لەو پەڕی جوانیدایە و هەموو شتەکان لە هاوسەنگی ومام ناوەندیدان، کە دەڵێت:

هەتاوی نەورۆز، مانگی جۆ درەو          زۆر هاتن و چوون بە ڕۆژ و بە شەو (دیوانی گۆران، ١٩٨٠: ٤٣ ).

ئاشکرایە لەم دومانگەدا کەشوهەوا نە ساردە نە گەرمە، سروشت لە نێوان گوڕەی بەهار و سەرەتای کۆتایهاتنیدایە، هەروەها لە بونیادی وشەکانی نیوە دێڕی دووەمدا، ئەوەمان بۆدەردەکەوێت شاعیر بەیەکسانی باسی جموجوڵ و هاتن و چون دەکات لە نێوان ڕۆژو شەودا ئەوەش بەهۆی نزیکی یەکسانی لە نێوان مەودای ڕۆژ و کاتی شەودا لە یەکدییەوە.

پاشان یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی بونیادگەرییەکان کاری لەسەر دەکەن لەم هۆنراوەدا هەستی پێدەکرێت، ئەویش بابەتی (هاوبەرامبەر – التقابل )یە، لەم دێڕەدا کە دەڵێت:

میوەی گەیشتوی زەرد و سوری باخ          جریوە و جوکەی دارستانی شاخ (دیوان گۆران، ١٩٨٠: ٤٣).

لەم دێڕەدا شاعیر دوو جوانیمان پیشان دەدات، کە ئەویش (میوەی گەیشتوی جوانی باخ) کە بەرهەمی هەوڵوماندوبوونی دەستی مرۆڤ خۆیەیەتی کە شاعیر یەکسانی کردووە یان بەرامبەری ئەو جریوە دایناوە کە دارستانی نێو شاخەکان پێمان دەبەخشن، کە مەبەست لێی دەنگی باڵدارە کێویەکانی نێو دارستانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها گۆران لە دیرێکی دیکەدا، لە سروشتەوە دەگەڕێتەوە لای مرۆڤ بونیادەکە هەر لەسەر جوانی دەمێنیـەوە، بەڵام ئەمجارە جوانی بیستراو نەك بینراو، ئەویش جوانییەکە کەلە ئامێرەکانی میوزیکەوە بەرهەم دێت، کە دەڵێت:

لەگەروی شمشاڵ لە تەلی کەمان گەلێ هەستاوە ئاوازی جوان جوان (دیوانی گۆران،١٩٨٠: ٤٣).

شاعیر لەنیوە دێڕی یەکەمدا باسی دوو ئامێری میوزیکی کردوە و لە نیووەی دێڕی دووەمدا بە دوبارەکردنەوەی هاوەڵناوی (جوان) وەسفی هەردوو ئامێرەکەی کردووە.

گۆران لە دێڕی (٨) دا کۆتا بە باسی جوانی سروشت دەهێنێت و دێڕێك بە تەواوی تەرخان دەکات بۆ سوپاسکردن و لەبەرچاوگرتنی ئەو جوانییانەی کە سروشت بە ئێمەی بەخشیوە بە (٣) هاوەڵناوکۆتای بە وەصف و پیاهەڵدانەکانی سروشتدا دەهێنێت و دەڵێت:

ئەمانە هەموو، جوانن، شیرینن ڕۆشنکرەوەی شەقامی ژینن ! (دیوانی گۆران،١٩٨٠: ٤٣).

بەڵام ڕاستەوخۆ لە دوای ئەم دێڕەوە شاعیر لە دێڕی (٩) بە ئامرازی لێکدەری (بەڵام ) دەست پێدەکات، کە دیارە ئەم ئامرازەیش بۆ بەستنەوەی دووشتی جیاوازە لە یەکتر وەك (جوان و ناشیرین ) یان دەکرێت جیاوزبێت لە نێوان یەك شتدا کە لە دوو پلەی وەسفکراویدان وەك بڵێی ( جوان و جوانتر ) کەئەوەی گۆران بۆ ئەم مەبەستەی دووەم نەبووە، چونکە لە سەرجەم ئەو (٦) دێڕەی کۆتایدا یەك بەدوا یەك باس لە جوانی ئازیزەکەی (ئافرەت)دەکات.

بەڵام باسکردنێك نە کە جوانی ئازیزەکەی بە گوڵ بچوێنێت یان پیوابێت خۆشەویستەکەی جوانی لە سروشتەوە وەرگرتووە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، واتە لێرەدا لێکچواندنی پەسەندیدە دروست دەبێت ئەویش سەرەتا شاعیر خۆشەویستەکەی ئەشوبهێنێت بەشتێک و پاشان پەشیمان دەبێتەوە دەڵێت سروشت جوانی لەمەوە وەرگرتووە،گۆران پێی وایە سروشت سەرتاپا تاریکە، بێدەنگە، چۆڵە ...هتد بە بێ دەرکەوتنی ئازیزەکەی ئەو دەڵێت:

بەڵام تەبیعەت، هەرگیزا و هەرگیز بێ ڕوناکییە بێ بزەی ئازیز (دیوانی گۆران، ١٩٨٠: ٤٣).

وەك دەبینین گۆران هەرچەند زۆر هەوڵیداوە خۆی لە وشەی عەرەبی بەدوور بگرێت بەڵام لێرەدا وشەی (تەبیعەت)ی هەڵبژاردووە کە وشەیەکی تەڕ و پاراوە لە سەر زمان بە بەراورد بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وشەی(سروشت) کە تا ڕادەیەك وشەیەکی وشکە و بێهێزە، پاشان دووجار هاوەلکاری کاتی (هەرگیزی) بەکار هێناوە کە ئەوەش دەلالەتە لەوەی کە شاعیر زۆر دڵنیایە و هیچ گومانێکی لە بۆچونەکەی خۆی نییە، پاشان لە نیوەکەی هەمان دێڕدا شاعیر دەڵێت (بێ ڕوناکییە) ئاشکرایە کە ڕووناکی دژی تاریکییە، ئەمە یاسایەکی فیزیاییە کە هەرشوێنێك ڕوناکی پێ نەگەشت تاریکە، کە تاریکیش بوو هیچ شتێك دەرناکەوێت، واتە با سرروشت ئەوهەموو شتە جوانەی تێدابێت هەر لەگوڵی بەهار و پەلکەزێڕینە و میوەی جۆراوجۆر... هتد ئەگەر ڕوناکی نەبێت هیچیان نابینین و جوانیەکانی ئەوانیش بە بینینی مرۆڤەوە بە نرخە، ئەگینا هیچ گیانەوەرێکی دیکە نرخی جوانی پەلکەزیڕینە یان جوانییەکی دیکەی سروشت نازانێت، لەکۆتایشدا دەڵێت هەموو ئەم جوانیانە بە بێ بزەیەکی خۆشەویستەکەی من هیچ بەهایەکیان نییە، نرخ و بەهای وشەکان لەڕیزبوونی ئاسۆییاندا دەردەکەوێت، واتا تانەگەینە کۆتا وشەی دێڕەکە تێناگەی بونیادی سەرەکی دێڕەکە چییە، هەروەها بووە بە بناغە بۆ بونیادێکی سەرەکی دیکە، کە ئەویش بوونیادی جوانی ئافرەتە (مرۆڤە) بەرامبەر بە جوانی سروشت، بە(٥) دێڕی کوتای ئەم هۆنراوەیە هەوڵ بۆ بتەوکردن و بەهێزکردنی بوونیادی دووەمی شیعرەکەی دەدات کە ئەویش (جوانی ئافرەتە) هەوڵدەدات کە پلەی باڵای پێ ببەخشێت لە بەرامبەر بە بوونیادی یەکەم کە(٦) دێڕی سەرەتای شیعرەکەبوو، شاعیر تەرخانی کردبوو بۆ وەصفی جوانی سروشت، ئەویش بە زمانێك کە شیعرییەتی لێدەچۆڕێت چونکە (( شاعیر واقیع نانوسسێتەوە کار لەسەر زمان دەکات و هەوڵی بە شیعرکردنی واقیع دەدات، ئەدەب بەگشتی و شاعیر بەتایەتی زمان لە خڵتە خاوێن دەکاتەوە، لێناگەڕێت زمان لە ئاوی جۆگەلەیەکی لێڵ بچێت، کارێك دەکات زمان وەك ئاوی کانی بناری چیا ڕوون بنوێنێت، شاعیر وەك چۆن بانگەشە بۆ شتی پوچ و سوك ناکات ئاواش خەریکی گوتنەوەی دەرس مۆراڵ نابێت)) ( سرعید حسن، ٢٠١٠: ٣٩). بێگومان لێکۆڵینەوەلە زمان  بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی میتۆدی بونیادگەری دادەنرێت (بونیادگەرەی وای دەبینێت ئەدەب بریتیەلە بونیادێك لە ناو بونیادێکی گەورەتر و سەرجەمگیرتردا کە ئەویش زمانە، لێرەدا زمان و ئەدەب پێکەوە لکاون و کۆمەڵێ کۆد و ڕێسا و نەریتی دیاری کراو تەحەکومیان پێوەدەکات یان بڕیاریان لەسەر دەدات) (ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠١١: ٦٣). هەروەها گۆران لەبەشی دووەمی شیعرەکەیدا هەوڵدەدات ئەوە بسەلمێنێك کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆچی جوانی سروشت بەراورد ناکرێت لە گەڵ جوانی ئازیزەکەیدا، لەم دێڕەدا کە دێڕی (١١) گۆران دەمانگەڕێنێتەوە بۆ دێڕی (١)بە ئامرازێکی پرس دەستی پێکردووە، دەپرسێت ئایا:

کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی ئاڵە وەك کوڵمی، گۆی مەمکی؟ لێوی؟ (دیوان گۆران، ١٩٨٠: ٤٣).

واتا چ ئەو ئەستێرەگەشەی بە ئاسمانەوە بینیوپەتی یان ئەو گوڵە جوانە کێوییانەی کە لەبەهاردا خەملیون،کوا هێندەی جوانی و گەشی کوڵمی یارەکەی جوانن، یان هێندەی مەمکی یارەکەی سەرنج ڕاکێش، وەك لێوی تاسە شکێنە؟

هەروەها شاعیر بەردەوام دەبێت لە پرسیارکردن لەوەی کە ئایا هیچ جوانییەك هەیە لە سروشتدا، بتوانێت ببێتە هاوشانی جوانی یارەکەی ئەو، دەپرسێت:

کام ڕەشی ئەگات بەڕەشی چاوی برژانگی؟ برۆی؟ ئەگریجەی خاوی؟ (دیوان گۆران،٤٣:١٩٨٠).

دواتر شاعیر بۆ بەرزی بەژن و باڵای یارەکەی دەڕوانێت و دەپرسێت؟

کام بەرزی جوانە وەك بەرزی باڵای کام تیشك ئەگاتە تیشکی نێو نیگای (دیوان گۆران،٤٣:١٩٨٠ ).

واتا نە بەژن وباڵاو بەرزی هیچ دارێك هێندەی بەرزی باڵای یارەکەی جوانە؟ نە هیچ تیشکێکی وەك زەردەی خۆر لەدەمی کازیوەدا، یان تیشك و پرشنگی خۆر لەنێو تەمدا وەك لە دێڕی (٥) ئاماژەی پێداوە، ناگاتە جوانی و سیحری تیشکێکی یان ڕوانینێکی نیو نیگای یارەکەی، کە بە کزی و بەکەمی وەك تیشکی خۆر لەنێو تەمدا بە ئەسپای سەردەکێشێت.

هەروەها شاعیر باس لە حاڵەت و ئەگەری نەبوونی ئەم جوانیانەش دەکات و پێی وایە بە نەبوونیشیان، هەر سەرنج ڕاکێشن، کە وا لە مرۆڤ دەکەن بەو پەڕی تاسە و خولیاوە چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئەو جوانیانە بکەن، و دەڵێت:

کام تاسە کام مەیل کام چاوەنواڕی تەلیسماوییە وەك هی دڵداری؟ (دیوانی گۆران،١٩٨٠: ٤٣).

گۆران کە خۆی شاعیرێکی هاوچەرخی نێو ئەدەبی کوردیە، تەنانەت بە سەرمەشق و پێشڕەوی شاعیرانی نوێخوازیش دادەنرێت دەربارەی کەرەستە و بابەتی شیعری هاوچەرخی

کوردی محەممەدی مەلا کەریم دەڵێت: (لە گۆرانم پرسی ڕای لە دوا ڕۆژی شیعر لەناو پێشکەوتنی زانست و بەرفراوان بوونی شارستانییەتدا چۆنە؟ وای پێشبینی کرد کە شیعر نامرێت چونکە بەشێکە لەجەرگەی ژیانی مرۆڤەوە هاتوە)( بەسیری، ٢٠٠٩: ١٢٧). لەبەر ئەوە، ئەگەر بەچاوێکی بونیادگەرانە لە کۆتا دێڕ بڕوانین، دەبینین کەگۆران خۆی لە بیروباوەڕە نەریتیەکان بەدورگرتووە، کە هەمیشە دۆخی چاوەڕوانی یاریان وەك دۆخێکی ناهەموار و ناخۆش و بێزارکەر بینیوە، بەڵکو ئەم بە پێچەوانەیشەوە نەك هەر ناخۆش و بێزارکەر نییە بەڵکو ئەم دۆخە دەروونییە بووە بەسەرچاوە و ئیلهامی شیعری بەچێژەوە باس لەوکاتە دەکات کە تێیدا چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئازیزەکەیەتی، یان دەتوانین بڵێین ئەگەر ئێش وئازار و ناخۆشییەکیش لە گۆڕێ هەبێت ئەوا گۆران شیعری وەك چەکێك بەکارهێناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تاریکی و ناخۆشییە، بێگومان بە وردبونەوە و شیتەڵکردنی زیاتری هۆنراوەکانی زیاتر شارەزای و لێهاتووی گۆرانمان بۆ دەردەکەوێت.

**٢-١-٢ -خوێندوەیەکی بونیادگەریانە و پراکتیزەکردنی لە دەقەشیعرێکی قوبادی جەلیزادەدا:**

بۆ بەرچاوو ڕوونی زیاتر پێویستە، لەپێشدا دەقی شیعرەکە وەك خۆی دابنێین، دواتر بونیادەکانی دەقەکە دیاری بکەین .

لە دورترین گوندیشا
لە دوورترین گوندیشا، کە دەنووین
هەرتەنیا چاوێکمان دەخەوێ،
چاوێکمان گوێ دەگرێ
هەرتەنیا گوێیەکمان ڕادەکشێ،
گوێیەکمان پاسەوان
هەر کونە لوتێکمان،
ڕەیحانەی چاولێکنان دەنێتە بەر پشتی
ئەویدی گابەرد و ڕێگاکان بۆن دەکات.
کە دەنووین،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر تەنیا دەستێکمان پرخەی دێت،
ئەوی دی تفەنگە و بەپێوە دەوەستێ
هەرتەنیا لاقێکمان دەبۆرژێ، ئەوەی تر
بەدەوری گوندەوەتێلبەندی کەمینە
لە عاسی ترین گوندیشدا کە جووت دەبین
چرا داناگیرسێنین
سەرمان کۆتە ناکەین
کەوشەکانمان داناکەنین
فیشەکدان لە خۆمان ناکەینەوە
دەستێکمان وەك دەستی نەوزادەی یەکشەوە،
لەسنگ و بەرۆکی بووکدایە
دەستێکیش وەك دەستی شۆرە سوارێکی عەگیدەو
لە یاڵ و جڵەوی ئەسپایە (دیوان قوبادی جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٣٤٤ ).

پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بونیادگەرەکان لە لێکۆڵینەوەیاندا لەسەر دەقی ئەدەبی،گرنگی بە دونیای دەرەوەی دەقەکە نادەن، بە هیچ جۆرێك پەیوەندی کلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی.. هتد، بەشیعرەوە نابەسنەوە، بەڵکو ئەوان پێیان وایە شیعر بۆ خۆی بوونێکی سەربەخۆی هەیە، نەك بونێك بێت بۆ خزمەتی ئەوانی دیکە، کەواتە ئەگەر بمانەوێت بەرێبازی بونیادگەری لێکدانەوە یان خوێندنەوە بۆ شیعری شاعیرێك بکەین دەبێـت لە ناو خودی دەقەکەدا ئیش بکەین نەك لەسەر خاوەنی دەق، چونکە ئەوە دەقەکەیە بەتەرازووی هونەر و ئەدەب دەکێشرێت نەك خاوەن دەق، واتە ئەگەر کەسێکی باش و بەرەوشت و ..هتد، دەقێك بنووسێت و ناوی لێبنێ شیعر، بەڵام هیچ بنەمایەکی شیعری تێدا نەبێت یان لەڕووی ئەدەبییەوە لاوازبێت ئەوە باشی و بەرەوشتی خاوەن دەقەکە کاریگەری نابێت لەسەر جوانی و باشی دەقەکە.

لەخوێندنەوەی ئەو نموونە شیعریەی سەرەوەدا سەرای پەیامێکی بەپێزی نەتەوەیی، خاوەن فورم و تەکنێکی بەهێزیشە، بێگومان ئەگەر بە بونیادگەرییانە لێی بڕوانین، زیاتر جوانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەقەکەمان بۆ دەردەکەوێت، وەك ئاشکرایە لە لێکۆڵینەوە بونیادگەریەکاندا پێویستە شیتەڵی دەق بکرێت، دواتر پەیوەندی بەش بەگشتەوە دەبێتە بونیادی سەربەخۆی دەقەکە، یان هەندێکجار هەر لەدەقێکدا چەند بوونیادێکی سەربەخۆمان هەیە، دواتر پێکەوە بەستنیان لاشەیەکی تەواو و وێنەیەکی واتادارمان پێدەبەخشن، بۆ دۆزینەوەی بەشەکانی دەقیش لە ڕووی بوونیادگەرییەوە پێویستە لە ڕووی (لێکچون ( التشابە) – هاوسەنگی (التوازی ) – هاوسێتی (التچاد) – هاوبەرامبەر (التقابل )- پێچەوانەی (التعارچ) لە دەقەکە بڕوانین، بێگومان ئامادەبوون یان دابەشبوونی ئەم لایەنانە بەسەر جەستەی دەقەکەدا هاوتا و یەکسان نییە، لە هەردەقێکدا ڕەنگە دانەیەکیان زاڵبێت بەسەر ئەوانی دیکەدا.

لەم دەقەی (قوبادی جەلیزاد)دا، دەتوانین زۆربەی ئەو بەشانەیی سەرەوە دیاری بکەین، بەڵام ئەوەیان کە لە هەمووی زیاتر هەستی پێدەکرێت(پێچەوانە – دژبەیەکەکانە)، کە زاراوە (دوالیزم )ی بۆ بەکاردەهێنرێـت لەنێو کایەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا .

))دوالیزم بابەتێکی گرنگی بونیادگەرییە، ئاماژەکەر وێنەی دەنگییە و گوزارشت لە ئامادەبوونی دەق دەکات کەچی ئاماژە پێکراو وێناکردنێکی زەینییە، دۆخی ئامادە نەبووە، ئەرکی خوێنەر هێنانەوەی ئامادەنەبووەکەی زیهنییە)) (تایەر حسەین، ٢٠٠٨: ١٥٠). واتە شاعیر لە لێکدانی دوو وێنەی دژیەك وەك دوو بەشی بچوك هەوڵی بنیاتنان و پیشاندانی وێنیەکی نوێ دەدات کە بەرهەمی بیر و خەیاڵی شاعیر خۆیەتی کە لە لێکدان و کۆکردنەوەی دوو وێنەی دژ یەك دەتوانێت وێنەیەکی سەربەخۆی نوێمان پێشکەش بکات .دوالیزم لەسەر ئاستی زۆربەی دێڕەکانی ئەم هۆنراوەیەدا هەستی پێدەکرێت. بەڵام پێش ئەوەی دێڕەکان شیبکەینەوە، پێویستە ئەوە بڵێین بوونیادی گشتی ئەم دەقە بریتییە لە دوالیزمی ( خەوتن × بێداری ) یان (پشوو × ئاگادارىی ) (ئیرۆتـیك و سۆزداری × ئامادەبوون و شۆڕشگێری.)

شاعیر هەر لە ناونیشانی هۆنراوەکەیەوە خوێنەر کەمەندکێش دەکات بۆ خوێندنەوەی هۆنراوەکە ئەویش لەبەر ئەوەی لە بری تەنها ناوێك (گرێیەکی ناویی)بەکارهێناوە کەشاعیر دەڵێت:

لە دوورترین گوندیشا، ئەم فرێزە دروستبووە بە یاسای (ئامرازی پەیوەندی + هاوەڵناوی پلەی باڵا + ناو ) شاعیر بەبەکارهێنانی(پلەی باڵا)بۆ هاوەڵناوەکە دەیەوێت ئەوە بخاتە ڕووکە

هەواڵێکی گرنگ یان باسێکی جێی بایەخ هەیە و زۆر گرنگە، بەڵام لە ناونیشانەکەدا تەنها ڕاتدەکێشێت بۆ خوێندنەوە پاشان کە هۆنراوەکە دەست پێدەکات، ناونیشان دەبێتە دەروازە و ڕاستەوخۆ خوێنەر لێیەوە داغڵی دەقەکە دەبێت،کە دەقێکی (٢٢) دێڕییە، هەموو دەقەکە خاوەنی یەك بوونیادی سەرەکییە کە ئەویش (ئاگادار بوون یان لە ئامادەباشیدا بوون)ە. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە شاعیر چەند دوالیزمێکی هێناوە بۆ خزمەتی بوونیادە سەرەکییەکە هەروەها بەخشینی ئیستاتیکا و شیعریەتە بەدەقەکە (شیعرییەتی هزر و ئەندێشە زۆرجار جۆرە یەکگرتنێك لەگەڵ نادیار دروست دەکات کە وێنەیەکی نوێ بۆ جیهان دەخولقێنێت، هەوڵدەدات لە ڕێگەی دوالیزمی دیار - نادیار لەنێوان بونیاددا کەشفی پەنهانەکان شاراوەکان بکات، کەواتە ئەندێشەو خەیاڵی شیعری لێرەدا، سیحری شیعر دەردەخات بۆفراوانکردنی ڕوبەرەکانی میتابینراو و خەملاندنی خەیاڵی شیعری) ( ئەحمەد ئەسوەد، ٢٠٠٦: ٩١). واتە شاعیر ئەو وێنەمان پێشکەش دەکات، کەتائێستا بە بیر و زیهنی ئێمە نامۆبووە، وەك لەم نموونە شیعرییەی سەرەوەدا دەیبینین.

بونیادی گشتی هۆنراوەکە لە دێڕی (١-٨) بریتییە لە چەند دوالیزمێك لە نێوان (خەوتن ×بێداری – پاسەوانی) کە شاعیر جێگۆرکێ بە ئەرك و ڕۆڵی ئەندامەکان دەکات و سەرجەم ئەم (٨) دێڕەی سەرەتا دوالیزمە لە نێوان ئەرکی ئەندامەکانی سەری مرۆڤدا. لە یەکەم دێڕدا شاعیر ناونیشانەکە دەنوسێتەوە لەگەڵ زیادکردنی کردارێکی ڕانەبردوو بۆی، کە ئەمەش هەم ڕیتمی خوێندنەوەی شیعرەکە خێرا دەکات و هەم بناغەیەکیش بۆ بونیادی شیعرەکە دادەنێت، کەتێدەگەین شیعرەکە بۆ ئیستا و داهاتووە، نەك ڕابردوو کە دەڵێت:

لە دوورترین گوندیشا ،کەدە نووین (دیوان قوبادی جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٣٤٤ ).

وەك دەبینین لە دێڕی یەکەمدا شاعیر بناغەیەك بۆ چێکردنی بونیادەکانی دادەنێت ئەویش ئەوەیە باس لەوە دەکات کاتێك بمانەوێت لە دوورترین گووندا بنوییین، ئەوا دەبێت ئاگاداری ئەوەبین ئەو (٢١) دێڕی پاش دێڕی یەکەم، دەبن بە بەشیك لە ڕۆتین و پێویستە جێبەجێیان بکەین، کەئەویش چۆن یەکەم هەنگاوی خەوی مرۆڤ لە چاو لێکنانەوە دەست پێدەکات، شاعیر سەرەتا بە دوالیزمی ڕوڵی چاو و گوێ دەست پێدەکات، کە لە دێڕەکانی (٢ بۆ ٥ )دا دەڵێت:

هەرتەنیا چاوێکمان دەخەوێ،

چاوێکمان گوێ دەگرێ

هەرتەنیا گوێیەکمان ڕادەکشێ،

گوێیەکمان پاسەوان (دیوان قوبادی جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٣٤٤ ).

وەك دەبینین شاعیر ڕۆڵ و ئەرکی هەردوو ئەندامی (چاو و گوێ )ی، ئاوەژوو کردوەتەوە، چونکە لە ڕاستیدا ئەرکی گوێ بیستنە، هەرچەندە شاعیر (گوێ دەگرێ )ی بەکار هێناوە، کە دروستتربوو (بیستن) بەکاربێنێت، چونکە هەم زێتر ڕەچاوی کورتبڕی دەکر و هەم لە ڕوی زمانەوانییشەوە تەواوتر دەبوو، چونکە ئاشکرایە کەئەرکی (گوێ) تەنها (بیستن)ە، بۆیە چۆن پێویستناکات یان هەڵەیە بڵێن (چاو بین، یان لوت بۆن، یان زمان تام) واتا ناوی ئەندامی جەستە و ئەرکەکەی، بەهەمان شێوەیش بۆ(گوێ) پێویستناکات بالێین(گوێگر) تەنها (بیستن) تەواوە .پاشان دەبینین دوالیزمی ڕۆلی (گوێ) دەبینین، کەشاعیر ڕۆڵی(پاسەوان)ی پێداوە، کە بێگومان، ئەگەر وشەی (چاودێر)ی بەکار بهێنایە بۆ ئاوازی شیعرەکە و تۆخکردنەوەی زیاتری دوالیزمەکە گونجاوتر دەبوو. هەروەها لە باس و ڕولی لوتدا شاعیر هەمان ڕۆڵ بە لووت دەبەخشێت کەهەستی بۆنکردنە، بەڵام بۆنکردنێکی جیاواز، کە ئیشی ئاژەڵی پاسەوانییەکانە،کە ئەویش بۆنکردنی ڕێگاو بان و گا بەردەکانە، کە لە دێڕی (٧-٨) دا، دەڵێت:

ڕەیحانەی چاولێکنان دەنێتە بەر پشتی

ئەویدی گابەرد و ڕێگاکان بۆن دەکات. (دیوان قوبادی جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٣٤٤ ).

دواتر لە دێری (٩) یەمدا، شاعیر دووبارە کرداری (کە دەنووین) دووبارە دەکاتەوە، ئەمەیش نیشانەیە بۆ کۆتایهاتنی بونیادێکی بچوك و دەستپێکردنی بونیادێکی دیکەی نوێ، کە ئەم بونیادەیان باس لە ڕوڵی ئەندامەکانی جەستە دەکات، کە تێیدا زیاتر ڕەگەزی هاوسێیەتی هەیە لە نێوان ڕوڵی ئەندامەکانی جەستەدا، کە لە دێڕەکانی (١٠-١٣) دا دەڵێ:

هەر تەنیا دەستێکمان پرخەی دێت،

ئەوی دی تفەنگە و بەپێوە دەوەستێ

هەرتەنیا لاقێکمان دەبۆرژێ،ئەوەی تر

بەدەوری گوندەوەتێلبەندی کەمینە (دیوان قوبادی جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٣٤٤ ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە ئەم بونیادەیان باس لە دوو ئەندامی سەرەکی جەستە دەکاتەوە ،بەڵام دوالیزمێك دروست دەکات کە بونیادەکەی (خەوتن × پاسەوان)ییە، کەدەستێکی ئەخەوێت و دەستەکەی دیکەی تفەنگە، واتە چەکێکە و لە سەرپێیە ئامادەیە بۆ ڕوڵبینینی خۆی، واتر شاعیر لە باسی(دورترین گوندەوە) باسەکە دەگۆڕێت بۆ (عاسیترین گوند) کە دەگونجێت هەر هەمان گوندە دوورەکەبێت، چونکە هەمیشە ئەو گوندانەی کە دوورە دەستن هەمان گوندیش عاسییە، بەهۆی دورەدەستی و سەرسنورییەوە، لەکۆپلەی سێیەمدا شاعیر بونیادەکەی دەگۆڕێت بۆ کارێکی دوو کەسی یان دەستەجەمعی، بەڵام لێرەدا شاعیر دێڕێکی ئیرۆتیکی دەنووسێت، کە باس لەو دۆخە دەکات بەهۆی نا ئارامییەوە لەو کاتەشدا چێژ لە سێکس نابینین، بەڵکو پێویستە چرا بکوژێننەوە. کەشاعیر دەڵێت :

لە عاسی ترین گوندیشدا کە جووت دەبین
چرا داناگیرسێنین
سەرمان کۆتە ناکەین
کەوشەکانمان داناکەنین
فیشەکدان لە خۆمان ناکەینەوە
دەستێکمان وەك دەستی نەوزادەی یەکشەوە،
لەسنگ و بەرۆکی بووکدایە
دەستێکیش وەك دەستی  شۆرە سوارێکی عەگیدەو
لە یاڵ و جڵەوی ئەسپایە                    (دیوان قوبادی جەلیزادە، ٢٠٠٧: ٣٤٥ ).

لە دێڕی (١٤ بۆ ٢٢ )کە دەکاتە کۆتا کۆپلەی شیعرەکە، بونیادەکە بە تەواوی دەگۆڕێت لە( خەو × ئاگایی) بۆ( سێکس کردن یان ئیرۆتیکی × پاسەوانی و وریای ) یان (چێژ بین × بێداری )، واتە لە دێڕی (١٤) بە دواوە تا کۆتای شاعیر لە بری باسی کاتی (نووستن ) باسی کاتی بە ئاگایی و لە کاتی بە ئاگایشدا باسی کاتی(سێکس کردن –جوتبوون) دەکات، کە وەك باسی دەکات، لە دێڕەکانی (١٧-١٨)دا، دەڵێت: کە تەنانەت لە کاتی سێکس کردنیشدا (پێڵاو داناکەنین، فیشەکدان لە خۆمان ناکەینەوە) واتا بونیادی بەرگریی و گیانفیدایی دەکات بە بونیادێکی ئامادەیی هەمیشەیی، تەنانەت تا کۆتای هەڵبەستەکە ئەم بونیادە درێژەی هەیە، بەڵام لە دێڕی (١٩-٢٢)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شاعیر دەگەڕێتەوە سەرباس و ڕۆڵی هەر دوو دەست دووبارە، بەڵام ئەمجارە بە ئەرکی جیاوازەوە، دەستێکی (نەخەوتوە- پرخەی)نایەت بەڵکو، دەستێکی لە کەشێکی ئیرۆتیکی و ڕومانسیدایە، بەڵام دەستەکەی دیکە بە هەمان شێوەی جاری پێشوو لە دۆخی بەرگریدایە، جاری پێشوو (تفەنگ بوو) بەڵام ئەمجار لیکچونێکی هونەری هەیە لەنێوان کاری هەردوو دەستەکەدا،کە لە دێڕی (١٩-٢٠) دەستێکی لەسەر سنگ و بەرۆکی بووکە و دەستەکەی دیکەی لە دێڕیی (٢١-٢٢ )د ا،وەك دەستی شۆڕگێڕێك لە سەر(یاڵ و جڵەوی ئەسپە). لەکۆتای دەقەکەدا، تێدەگەین کە شاعیر لە سەرتاسەی دەقەکەدا، هەوڵی گۆڕینی یەك ئەرکی و یەك شوناسی ئەندامەکانی جەستە دەدات، کە دەستێ لەپشودایەو دەستەکەی دیکە پاسەوانە، چاوێك خەوتوە و چاوەکەی دیکە دەبیستێ...هتد، جگە لەو دوالیزمەی لە نێوان دووانە لێك چووەکانی ئەندامەکانی جەستەدا کردوویەتی، بەهەمان شێوە ئاڵوگۆڕێکی هونەریانەی کردووە لە نێوان ئەرکی هەریەکێك لە ئەندامەکان لەگەڵ ئەندامێکی دیکە، ئەمەش بووە هۆی دروستکردنی وێنەی ناوازە و نوێی شیعری کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی زمانی شاعیر لە پێدانی ئەرکی نوێ بە ئەندامەکانی جەستە.

## ئەنجام:

١. بونیادگەری بووە بە ناوێك کە لەزۆر بوار و زانستی جۆربەجۆردا لێکۆڵینەوەی پێ ئەنجام دەدرێت، ئەدەبیش بووە بە یەکێك لە بوارەکان کەبونیادگەری بە شێوەیەکی زمانەوانی لێکۆڵینەوەی تێدا ئەنجام دەدرێـت، هەروەها گرنگی بە شیتەڵکردنی ڕەگەزەکانی دەقی ئەدەبی خۆی دەدات نەك هۆکاری نووسینی دەق، یان ئەو پەیام و ئامانجەی کە دەقەکەی بۆ نووسراوە.

٢. بونیاتگەری وەك میتۆدێکی هاوچەرخ لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا لە دوو دەیەیی (حەفتاکان و هەشتاکان) دا سەریهەڵدا، هەرچەندە لێکۆلینەوەی بونیادگەری گرنگی بە ڕەگەزەکانی پێکهێنەری دەقەکە دەدات، ئەمەش وا دەکات لایەنی ئیستاتیکی فەرامۆش بکرێت، بەڵام وادەکات کە تونای ڕاستەقینەی شاعیر دەربخرێت لە پێکهێنان و دروستکردنی وێنەی نوێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣. گۆران وەك شاعیرێکی نوێخواز و ڕابەری شاعیرانی نوێی کورد، توانیوویەتی سوود لە یەکە زمانییەکان ببینێت، بۆ پێکهێنانی بیری نوێ و داڕشتنەوەی بیری کۆن بە وێنەی نوێ، هەروەها قوبادی جەلیزادە، وەك شاعیرێکی هاوچەرخ بیری نوێ و وێنەی نوێ لە شیعرەکانیدا بەرجەستەکردوە، بە لێکدانەوەی بونیادگەریانە، لە ئاستی بەرزی ئەم شاعیرانە زیاتر تێدەگەین.

٤- ئەو جوانییەی کە گۆران بە دوایدا گەڕاوە هەمیشە لە نێو باسکردنی جوانی سروشت و جوانی ئافرەتتدا خولاوەتەوە. بە ڕادەیەک وەک دەبینین لە هۆنراوەی( ئافرەت و جوانی) دا جوانی ئافرەت زیاتر سەرنجی گۆرانی ڕاکێشاوە تا جوانی سروشت. هەروەها لە دەقە شعرییەکەی قوبادی جەلیزادە دا دەبینین لە ڕێگەی خستنەڕووی چەند دوالیزمێکەوە ئیستاتیکاو شعرییەتی بە دەقەکە بەخشیوە.

٥- قوباد لەم هۆنراوەیەدا لە لێکدانی دوو وێنەی دژیەک وەک دووبەشی بچووک هەوڵی بنیاتنان و پیشاندانی وێنەیەکی نوێ دەدات کە بەرهەمی بیرو خەیاڵی شاعیر خۆیەتی، کە لە لێکدان و کۆکردنەوەی ئەو دوو وێنە دژیەکە توانیویەتی وێنەیەکی سەربەخۆی نوێمان پێشکەش بکات. هەروەها گۆران کەسێکی بێهاوتاو نموونەیی بووە لە هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەکاندا بۆ دروستکردنی شیعری جوان و ناسک، هەمیشە هەوڵیداوە بە کەمترین وشە شعرییەتێکی تەواو لە شیعرەکانیدا بخولقێنێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هیچکات زێدەڕەویی نەکردووە لە پێکەوەنانی وشەکانی لە داڕشتنەوەی ئەو بیرەی کە هەیبووە. هەروەها قوبادیش بە هۆی دەوڵەمەندی ئەو زمانە شعرییەی کە هەیەتی، توانیویەتی وێنەی ناوازەو نوێی شعری دروستبکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان:


- ئەمین محمد(٢٠١٢)، ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەورووپی، کوردی، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- ئەحمەد حسێن(٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی، کوردستانی عێراق(١٩٥٠ -١٩٧٠)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی .
- ئەحمەد ئەسوەد(٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینای، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- ئەحمەد ئەسوەد(٢٠٠٦)، ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- بەسام قەتوس(٢٠١١)، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- تاهیر حسەین(٢٠٠٨)، ڕەخنەی بونیادگەری لەتیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی .
- تاهیربەرزنجی،علی(٢٠٢٤)، کلیلدان(فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- سەعید حەسەن(٢٠١٠)، لە هەیقدا بۆرووی تۆ و لە پەیقدا بۆ خۆم دەگەڕێم ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،چاپی یەکەم ،هەولێر.
- قوبادی جەلیزادە(٢٠٠٧)، شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات ،چاپی دووەم، چاپخانەی تیشك ،سلێمانی .
- عەبدوڵا گۆران(١٩٨٠) دیوان، کۆکردنەوەی پێشەکی – محەمەدی مەلا کەریم ،لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا،بەرگی یەکەم ،چاپی چوارەم.
- عیزەدین سەعدون(٢٠١٥)، دەقە شیعرییەکانی گۆران – لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، چاپخانە، تاران، چاپی یەکەم، تاران.
- کەریم دەشتی(١٩٩٨)، بونیادگەری چەمك و پێناسە و مێژوو.گ. گەلاوێژی نوێ، ساڵی دووەم، ژ.٨، تەموز.
- کەمال مەعروف(٢٠١٢)، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی لەریا، بەڕێوبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی .

- میر بەسری، وەرگێڕانی، عبدالخالق عەلائەدین(٢٠٠٩)، ناودارانی کورد، چاپخانەی منارە، چاپی دووەم، هەولێر.
- هێمن کریم (٢٠٢١) ڕوونبێژی لە شیعری ئەحمەدموختار جافدا، چاپی یەکەم، چاپخانە ڕیدار، هەولێر.
- یشیل فۆکۆ، لەتیف هەڵمەت( .بونیادگەریی و شیکردنەوەی وێژەیی،گۆڤاری گەلاوێژ، ژ١٢-١٣، سلێمانی.

- Hursen, C., & Ertac, G. (2015). K 12 Students' Attitudes towards Using Constructivism in History Lessons. Procedia-Social and Behavioral Sciences, 177, 475-480.
- KARİM M. SALİH, H., & ZEBARI, R. (2023). لێکچواندنی شەراب و پێکهاتەکانی لە دەقە شیعرییەکانی حافز و مەلای جزیریدا. Kurdiname(8), 41-55. https://doi.org/10.55106/kurdiname.1259328
- KARİM M. SALİH, H., & MERA, A. M. R. (2021). درکە و خواستن، خستەڕووی واتاشاراوەکانی دەق بەنمونە دەقە شیعریەکانی ئەحمەد موختار جاف. Kurdiname(5), 97-112.
- Pary Omar Ali, Srwa Tahhir Ali Mohammed, Bestoon Abubakr Ali, & Hemn Karim M. Salih. (2023). Beloved in Mahwee's Poems. QALAAI ZANIST JOURNAL, 8(1), 37–61. https://doi.org/10.25212/lfu.qzj.8.1.2
- Thulla, P. F. Y., & Fofanah, I. M. (2023). Constructivist Referents in Oumar Farouk Sesay's 'The Song of the Women of My Land'. Elsya : Journal of English Language Studies, 5(3), 270-284. https://doi.org/10.31849/elsya.v5i3.14070.
- Yalçın, N., Tatlı, D., Çakar, B. B., Kaya, Z. (2022). Meta-Thematic Analysis of Constructivist Approach in the Second Level of Primary Education. International Journal of Scholars in Education, 5(2), 145-157. https://doi.org/10.52134/ueader.1027958.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٥
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# Two pieces of Goran and Qubad Jalilzadeh's poem in the frame of constructivism theory

**Rawand HamaJaza Qahdi**
Department of Kurdish Language, College of Education, Sharazwr, Halabja University, Halabja, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Rawand.jaza@uoh.edu.iq

**Dr. Hemn Karim M. Salih**
Department of Business Administration, Komar University of Science and Technology, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Hemn.kareem@uoh.edu.iq

Department of Kurdish Language, College of Education, Sharazwr, Halabja University, Halabja, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Hemn.kareem@uoh.edu.iq

**Gzng Hassan Rasul**
Department of Public Relations, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Gzng.rasul@univsul.edu.iq

***Keywords:*** *Building, Genres of constructivism, Poetry, Goran, Qubadi Jalizadeh*

## Abstract:
The constructivist approach is one of the most important approaches to understanding the content of poetic texts. As is obvious, with the development of human thought, the field of literature has developed in parallel with human life or delimitation between two different periods and stages, and focused on the term and concept (constructivism) and tried to explain the principles of this concept and then discussed the beginnings of the emergence of this concept in Kurdish literature. The reason for choosing this topic (Constructivist Approach and Interpretation of Two Poems of Goran and Ghobadi Jalizadeh) is due to pay more attention to the ability of these two poets, to go through their poems and reveal the structure of their texts. Additionally, this research consists of two

main parts: the first part refers to the theoretical aspects of constructivism and the second part discusses the theory of constructivism. The problems of the research are the lack of academic research or literary criticism with this method. The research method has been conducted in a constructive manner and the methodological method has been used as necessary.

## گوران و قوبادي جليزاده في لهجة البنائية

**ملخص:**
يعد المنهج البنائي من أهم المناهج في فهم محتوى النصوص الشعرية. وكما هو واضح، فأن تطور الفكر الإنساني قد ساهم بتطور مجال الأدب بالتوازي مع حياة الإنسان. ومن ثم، استخدم الادب للتميز بين فترتين ومرحلتين مختلفتين، والذي يتطلب وضع مصطلح اومفهوم (البنائية) الذي يقوم بالتمييز ووضع الحدود بين مرحلتين مختلفتين وحاول شرح مبادئ هذا المفهوم ثم ناقش بدايات ظهوره في الأدب الكردي. ان السبب من اختيار موضوع (مفهوم البنائية و تفسير مرحلتي قصيدتي كوران و قوبادي جليزاده) هو لجلب المزيد من الاهتمام لقدرة كلا الشاعرين، من خلال الاطلاع على قصائدهما وكشف بنية النصوص الخاصة بها. بالإضافة لذلك فان هذا البحث يتكون من جزئين رئيسيين: الجزء الأول يشير إلى الجوانب النظرية للبنائية و الجزء الثاني يناقش النظرية البنائية. ان مشكلة البحث تتعلق بقلة البحوث الاكاديمية والنقد الادبي لهذه النظرية. وقد تم اجراء البحث الحالي باستخدام الطريقة البنائية وتم استخدام الطريقة المنهجية حسب الضرورة.